ئەنجومەنی وەزیران ژمارەیەك بڕیاری لەبەرژەوەندی کارمەندانی پەروەردە وماموستایان وفەرمانبەرانی وەزارەت دەركرد

ئەمڕۆ سەشەممە، ئەنجومەنی وەزیران پاكێجكی بڕیاری تایبەت بە ستافی پەروەردەیی و مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردەی دەركرد.

بەگوێرەی راگەیەندراوێكی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران كەدەستی موتەبع كەوتووە،محەمەد شیاع سودانی میوانداری سەرۆكی سەندیكای مامۆستایان دەكات و ژمارەیەك بڕیارەكانی تایبەت بە تیمی پەروەردەیی و وانەوتنەوە و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردەی دەركرد.

بەگوێرەی بڕیارەكان، ڕێكارەكانی دابەشكردنی پارچە زەوی بەسەر تیمی پەروەردە و فێركاری لە بەغدا و پارێزگاكانی دیكە بەردەوام دەبن، لیژنەیەكی باڵاتریش پێكدەهێندرێت بە جێبەجێكردنی نوسراوی دیوانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران/دەسەڵاتی باڵای هەماهەنگی نێوان پارێزگاكان، كە لەزامەندی سەرۆكی حكومەت لەخێدەگرێت بە دامەزراندنی گەڵەكی نیشتەجێبون بە تیمی پەروەردە و فێركاری و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە، هەروەها وەزارەتی دارایی كرێی گواستنەوە دەدات بە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی، وەك لە بودجەی هەر بەڕێوەبەرایەتییەكی پەروەردەی سەر بە وەزارەتی پەروەردە

تەرخانکراوە.

ئەوەشخراوەتەوە، "وەزارەتی پەروەردە بۆی 100 هەزار دینار خەرجبکات بۆ بەوەبردنی کاری بەوبەرایەتی قوتابخانەکان، بۆ هەر وەرزێکی خوێندن، هەروەها بۆیاردرا بە چالاککردنی سەرجەم بۆگەکانی یاسای پاراستنی مامستایان (8ی سایی 2018)".

هەر بەگوێرەی بۆیارەکان، "ژماردنی قوتابخانە دورەکان و کارمەندانی پەروەردەیی لەو قوتابخانانەی کە زیاتر لە 100 کیلۆمەتر لە ناوەندی شارەوە دورن و پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە بکرێت بۆ دەزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، جگە لەوەش وەزارەتی دارایی لێکۆڵینەوە لە هەژمارکردنی سایانی خزمەتی خۆایی بکات بە مەبەستی پاداشت و پلەبەرزکردنەوە، بۆیاریشدراوە بە پێدانی قەرزی دارایی بە کارمەندانی پەروەردە و خوێندن لە بانکە حکومییەکان، بە ئامژەی سودی کەم، بۆ باشترکردنی ئاستی بژێویان".